

# هەردووکمان شەرمنین

## جەزا چنگیانی

که من هاتم تۆ ڕۆیشتی . که تۆ ڕۆیشتی من هاتم . دەپێم بڵێ کۆاممان ڕاستین؟؟ من یان تۆ؟؟ له وەڵامی ئەم پرسیارەدا هەردوکمان شەرمنین . ئەزانی بۆ ؟چونکه نازانین ئێمه هەڵەین یان ڕاستین . من پیویست بوو بێم , تۆ پێویست بوو بڕۆیت . ئەم ڕاستیه گرنگه...



گرنگترین ڕاستیش ڕاستی بوونه له تەك خود و له تەك ویست .له تەك ڕۆح و بووندا . تۆ گەرەکت بوو بڕۆیت ڕۆیشتی چونکه ویستت بوو بڕۆیت. من گەرەکم بوو بێم چونکه ویستم بوو بێم . من وتۆ کاتێك یەکدەگرین که ویستمان یەکبگرن .

حەزی من وتۆ ( تۆۆ ).........

ڕۆحی من و تۆ (بەر) ..........

جەستەی من وتۆ بۆیەك( شەیدا) ........

لێوی من تۆ بۆ ماچی یەكتری (تەڕ) ........

زمانی من وتۆ بۆ مژینی ناوگەڵمان ( لاڵ ) بێ .........

تەكانی جەستەی ڕووتی من ئاوازی حەزی لەشی ڕووتی تۆ بێ .....

چرپەی هەناسەم ماچی گۆنای ڕۆحت بكات . پەنجە تۆكاوییەكانی دەستی من . زمانە تووتەی ناوگەڵت گەرم . سەرتاپا جوومگەكانی جەستەت لە گۆ و ڕەحتت بكات . تۆش لە عەزرەتدا پشتم بە نینۆك بجنی ...

جا ئەو ساتە هەردووكمان شەرممان دەشكێ ...

دەزانی بۆ......

چونكە هەردووكمان ڕاستین .

2005/04/22

سان پیترسبۆرگ

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de